# بکەر، یان کارا؟

سەربەست قادر حەمە
(دەربەندیخان)

هەر چەمکێک لەهەر بابەتێکی زمـــانەوانی، یان ئەدەبی، یـان زانسـتی ... تاد چاو لێ بکەین، ڕووبەڕووی چەندان بیـروڕای جیـاواز دەبینەوە سـەبارەت بەناونانی بابەتێک، یان گـرفـتـێک، یان هەر ئاریشـەیەکی تر کـە ڕەنگە هەندێک لەبیـــروڕاکـــان تاڕادەی دژیەکـیش پەل بکێشن.

هۆکاری جیاوازی بیروڕاش وەک بابەتێکی سروشتی بۆ ئاستی ڕۆشنبیری و شارەزایی لێکۆڵەر و ئەو هەلومەرج و بارودۆخەی بابەتەکەی تێدا ناودەنرێت لەگەڵ سروشت و ناوەرۆکی بابەتەکـە و گـونجـانی ئەو نـاوە بۆ بابەتەکـە لەڕووی واتایی و ژیرییەوە دەگەڕێتەوە.

بۆیە مـەرج نیـیـە هەمـوو ئەو چەمکانەی بۆ ناونانی بابـەتـەکـــــان دادەنرێن، بـەتـەواوی لـەگـــــەڵ نـاوەرۆکی بابەتەکەدا بگونجێن، یان لای هەمـوو خـوێنەران هەمـان ئەنجام و واتا بەدەستەوە بدەن، ئەمەش لەسەرەکیترین ئەو هۆکـارانەن کـە زۆرجـار وادەکـەن لەکـاتی پێناسـەکـردنی بابەتێکدا، چەندان پێناسـەی جـۆراوجـۆر بکەوێتـە پێش چاومان.

بابەتێکی گـرنگی وەک زمـانەوانی و ڕێزمـان، بەدەیان چەمک و زاراوەی هەمـــەچەشنەی لەخـــۆ گـــرتووە کـــە زۆربەیان تا ئێستاش جێگەی مشتومڕی توێژەرەوەکانن و نەگەشتوونەتە ئەنجامی کۆتایی لێیان، زۆریشیان بەتەنیا ئەوەندەی لەســــەریان وتراوە و نـووســــراوە، وازیان لێ هێناون.

زمـان جـیـهـانێکی پڕ لە وزە و جـووڵە و گـۆڕانکاری بەردەوامـە، بەم هۆیەشـەوە بەردەوام چەمک و زاراوەی نوێ لەدایک دەبن و پێویستیان بەناساندن و لێتوێژینەوە هەیە.

چونکە تا گـونجـانی ئەو چەمک و زاراوەیەی کـە بۆ بابەتێک دادەنرێت، یەکلایی نەکرێتەوە، لێکۆڵەر ناچێتە ناو کرۆکی بابەتەکەوە، چونکە لە نێوان هەر بابەتێک و ناوەکەیدا پێوەندی و هاوئاهەنگییەکی ڕاستەوخۆ هەیە.

چەمک و زاراوەکـانی زمـانی کـوردی بەپێی ئەو هەلومەرجانەی باس کران، هەڵهێنجراوی زمانەکەن و گـونجـاوییـەکی باش لە نێـوانیـاندا هەیە، هەرچەندە لە هەندێک زاراوەدا نادیاری و لێـڵـی بەدی دەکـرێت، یان هەندێک زاراوە زۆر گـشـتگیـر کـراون و بەتەواوی وردنەکراونەتەوە، بۆ نموونە زاراوەی (بکەر) کە مەبەستی منە لـەم وتـارەدا هەنـدێک لەبـارەیەوە بدوێم و ڕادەی گونجان و نەگونجانی لەگەڵ ناوەرۆکی ئەو بابەتەی بۆی بەکاردێت بخەمەڕوو.

زاراوەی (بکەر) یەکـێکە لەو زاراوانەی لە زمـانی کـوردی، بەتایبـەت لە ڕێزمـاندا پانتـاییـەکی فـراوانی گرتووە و شانبەشانی زاراوەی (کردار) کە دوو کەرەستەی سەرەکی پێکهێنانی ڕستە و ئاخاوتنن لە زمانی کوردی و سەرجەم زمانەکانی جیهاندا.

پێکهاتنی وشەکە بەم جۆرەیە:

پێشگر (ب) + ڕەگی چاوگی سادەی کـردن(کـە) + پاشگری (ەر) = ناوی چاوگی داڕێژراو (بکەر). (١)

بەپێی یاسای دروست بوونی وشەکە، زۆر شـتمـان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە گرنگترینیان ئەوەیە (بکەر) کەسێکە، یان شتێکە کردارێک جێبەجێ بکات، یان ڕاپەڕاندنی کـردەوەیەک بگرێتـە ئەسـتـۆ، واتە لەتواناییـدا بێت ئیـشـوکـار ڕاپەڕێنێت و جـوولە، یان گـۆڕانکارییـەک بهێنێتە دی.

ئەمەش بەو پێیەی واتای وشەکە لە کرداری فرەچالاکی (کـرد)نەوە هەڵهـێنجـراوە، بەڵام ئەم مـانا لێکدانەوەیە بەشـێـوەیەک لەگـەڵ پێناسـەی بکەردا یەک ناگـرێتـەوە و هەندێک دژیەکی و پێـچـەوانە بوونەوە لە نێـوانیـاندا بەرچاو دەکەوێت! ئێستا با پێناسەی (بکەر) بخەینەڕوو و بەرانبەر وشە و واتای (بکەر) هەڵیسەنگێنین:

**بکەر:** کەسێکە، یان شتێکە جێبەجێ کردنی کارێک دەگرێتە ئەستـۆ، یان تەنیا شوێنی بکەرەکە لە ڕستەدا پڕدەکاتەوە. (٢)

ئەم پێناسـەیە بیـروڕای زۆرێک لە زمـانەوان و ڕێزمـاننووسـانی کـۆن و نوێی کـورد و ناکـوردیشـە بەدەربڕینی جیاجیا کە لە دوو بەش پێکهاتووە.

بەشی یەکـەم و سەرەتا ئەوەیە کە بکەر کەسێک، یان شـتـێکە توانایی جێبـەجێ کـردنی کـاری هەبێت، واتە دەبێت خـاوەن هێـز و توانست و چالاکی و وزە بێت و بتوانێت جووڵەیەک دروست بکات و کردارێک بە ئەنجام بگەیەنێت.

بەشی دووەم و کـۆتایی پێناسـەکـەش دەڵێت (تەنیـا شوێنی بکەر لە ڕستەدا پڕ دەکاتەوە).

کەواتە وەک لە بەشی دووەمدا دەردەکەوێت، لە زماندا هەندێک بکەرمان هەیە خاوەن هیچ هێز و تواناییەک نین لە بەجێ گەیاندنی کردارەکان و کردارەکانیان دەدرێنەپاڵ، واتە تەنیـا شـوێنی بکەر پڕ دەکـەنەوە و هیچ پێـوەندییـەکـیـان بە بکەرەوە نییـە، ئەمـەش بۆ خـۆ دەربازکـردنە لە بە بەتاڵ هێـشـتنەوەی چاڵی بکەر لە ڕستەدا، ئەگینا ڕاستییەکەی ئەم وشانە بکەر نین، بەڵکو ئەرکی بکەریان دەدرێتەپاڵ.

بەم پێیەش بەشی دووەمی پێناسەی بکەر پێچەوانەی وشە و واتا و ناوەرۆکی دەستەواژەی (بکەر)ـە.

بۆ خۆ ڕزگارکردن لەم دژیەکی و ساغکردنەوەی هەردوو بەشی پێناسەکە و گونجاندنی زمانەوان و ڕێزماننووسانی کـورد، بکەریان لەڕووی ڕۆڵ بینینەوە کـردووە بە دوو بەشەوە ئەوانیش:

١- بکەری ڕێزمـانی: بەو بکەرانە دەوترێن کـە لەڕووی ڕێزمانییەوە بکەرن، واتە بکەری ڕاستەقینەی ڕستە نین، بەڵکو تەنیا شوێنی بکەریان لە ڕستەدا پڕ کردووەتەوە. (٣)

٢- بکەری لۆجیکی: بەو بکەرانە دەوترێت کـە لە ڕووی واتاوە ئەرکی بکەر بەجێ دەگەیەنن، بەو واتایەی بکەری ڕاستەقینەی کارەکەن. (٤)

بەتێڕوانین لە ناوەرۆک و واتای هەردوو پێناسەکە وەک لە پێناسەی گشتی بکەریشدا ئاماژەمان پێ کرد، بکەر دەبێتە دوو بەشەوە، بەشێکی خاوەن دەسەڵات و هێز لە ڕاپەڕاندنی کار و بەشێکی بێ توانست و بێ دەسەڵات لە ڕاپەڕاندنی کار.

ئەگەر بڕوانینە سەرچاوەکانی زمان و ڕێزمانی کوردی لە کۆنەوە تا ئێستا، دەبینین زمانەوان و ڕێزماننووسانی کـۆن لە زۆر شـوێندا وشـەی (کـارا)یان بەکـارهێناوە، بەهەمان گشتگیری بەکارهێنانی (بکەر)ی ئێستا.

لەم دواییـــانەدا وشـــەی (بکەر) بەتەواوی هاتە بەکارهاتن و بەتەواوی لە زماندا چەسپا، تەنانەت لە پرۆگرامەکانی خوێندنیشدا هەمان وشە جێگیرکرا.

وەک تێبینیش دەکرێت، هەردوو دەستەواژەکە بەهەمان گشـتگیـری بەکارهاتوون و هیچ پۆلێنکردنێک بۆ جیاکردنەوەی بکەری هێزدار و بێ هێز نەکراوە و لەکاتی شیکردنەوەی ڕێزمانی بە هەمـوو ئەو وشـانە دەوترێن (بکەر) کـە جێکەوتەی بکەر پڕ دەکەنەوە، بێ گـوێدانە جیاکردنەوەی بکەری کارا و ناکارا.

ئەوەی کـراوە تەنیـا جـیاکـردنەوەی بکەرە لەکـاتی پێناسـەکـردنیـدا بۆ دوو بەشی بکەری (لۆجیکی و ڕێزمانی). پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە دەوترێت لە کـۆندا بە زۆری (کـارا) بەکـارهاتووە، مـەبەسـتیـان جـیاکـردنەوەی نەبووە لە بکەرە ناکـاراکـان، هەروەها ئێسـتاش کە (بکەر) بەکـاردەهێنرێت، مـەبەست لێی بەتەنیا بکەرە کاراکان نین، چونکە ئەوکات پێویست بوو دەستەواژەیەکی دیش بۆ بکەرە ناکاراکان بەکاربهێنرایە کە ڕاستییەکەی گرنگە بەجددی لای لێ بکرێتەوە و دوو دەسـتـەواژەی (کـارا) و (ناکـارا) لەجـیـاتی هەردوو دەستـەواژەی (لۆجیکی) و (ڕێزمـانی) بەکـاربهێنرێت، بەتایبـەتی لە ناوەندەکـانی خـوێندندا بۆ ئەوەی بەزوویی جـێی خـۆیان بگرن و بڵاوببنەوە، چونکە بەم کـارە خوێندکار و خوێنەر و ئەو کەسانەی بە شوێن فێربوون و توێژینەوەوەن لە زماندا، ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەکارهێنانی دەسـتـەواژەکـەدا تێ دەگـەن کـە بکەری ئەو ڕسـتـەیەی گـۆکـراوە کـارایە، یان ناکـارا، یان بەشـێـوەیەکی تر تێ دەگەن بکەری ڕستەکە خاوەن هێز و ئەنجامدەری کرداری ڕستەکەیە، یان بێ هێزە و کردارەکەی دراوەتەپاڵ.

لە کـۆتاییـدا مـەبەسـتی بابەتەکە بە چەند نموونـەیەک زیاتر ڕوون دەکەمەوە:

- منداڵەکە شووشەکەی شکاند.
- مامۆستا چیرۆکەکەی نووسی.
- ژنەکە ئاو دەهێنێت.

وەک لەو نموونانەوە بۆمان دەردەکەوێت بکەر کە دەکاتە وشـەکـانی (منداڵەکـە، مـامـۆسـتـا، ژنەکـە) کـاران، واتە خـاوەن هێـز و تـوانست و جـووڵە و دەسـەڵاتن لە بەجێ گـەیاندنی کـردارەکـانی (شکـاند، نووسی، دەهێنێت)، بۆیە باش وایە بەم جۆرە بکەرانە بگوترێت (کـارا)، یان (بکەری کارا).

بەپێچەوانەشەوە با بڕوانینە ئەم نموونانە:

- دارەکە شکا.
- گوڵەکە جوانە.

کاغەزەکە دڕا.

وەک لەم نموونـانەوە دەردەکـەوێت بکەر کـە دەکـاتە وشەکانی (دارەکە، گوڵەکە، کاغەزەکە) هیچ توانست و دەسـەڵاتێکیـان نییـە لە بەجێ گـەیاندنی کـردارەکـانی (شکا، ە، دڕا).

چونکە ئەم جـۆرە بکەرانە تەنیـا کـردارەکـانیـان دراوەتەپاڵ و بکەری ڕاسـتـەقـینەی کـردارەکـان نین، بەشێوەیەکی گشتی ئەو ڕستانەی بکەرەکانیان ناکاران، دەکەونە ئەو ڕستانەوە کە کردارەکانیان پێیان دەگوترێت (کرداری گوێزانەوە، کرداری بێ هێـز)، کـەواتە دەتوانین بڵێین هەموو کارایەک بکەرە، بەڵام هەموو بکەرێک کارا نییە.

**پەراوێزەکان:**

**١- ڕەفـیـق مـحـەمـەد شـوانی(د)، ئەو وشـانەی لە چاوگـەوە وەردەگـیـرێن، چاپی یەکەم، چاپخانەی خـانی، دهۆک، ٢٠٠٨ز، ل٤٨ و ٥٨.**

**٢- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(د)، ڕێزمانی کوردی (بەشەکانی ئاخـاوتن)، چاپی دووەم، چاپخـانەی منارە، هەولێـر، ٢٠١٠ز، ل٣٠.**

**٣- نەریمان عـەبدوڵڵا خۆشناو(د)، ڕسـتـەسازی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاویەر، هەولێر، ٢٠١٤ ز، ل٧٠.**

**٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.**

**سەرچاوەکان:**

**ڕەفـیـق مـحـەمـەد شـوانی(د)، ئەو وشـانەی لە چاوگـەوە وەردەگیرێن، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی/ دهۆک، ٢٠٠٨ ز.**

**٢- نەریمان عـەبدوڵڵا خۆشناو(د)، ڕێزمانی کوردی (بەشەکانی ئاخاوتن)، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە/ هەولێر، ٢٠١٠ز.**

**٣- نەریمان عـەبدوڵڵا خۆشناو(د)، ڕسـتـەسازی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاویەر، هەولێر، ٢٠١٤ ز.**